**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٩٥٧ لە ٢٠١٧/٨/١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

## مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

١- پێدانی مۆڵەت هەموو ئەو سزادراوانە ( گەوران ، نەوجەوانان ) دەگرێتەوە کە خەڵکی عێراقن و دانیشتوی هەرێمی کوردستانن وە لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان حوکم بەسەر دەبەن ، جگە لەو سزایانەی کەلە ماددەی ( ٤٠ ) خاڵی ( ١ ، ٢ ، ٣ ) لە سیستەمی چاکسازی دا هاتووە .

٢- مۆڵەتەکە دەبێت لە ( ٥ ) پێنج ڕۆژ تێپەر نەکات جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە .

٣- پێویستە سزادراوەکە چارەکی ماوەی حوکمی لە ناو چاکسازی بەسەر بردبێت کەلەساڵێك کەمتر نەبێت پاش ئەژمارکردنی کەمکردنەوەو ماوەی ئازادکردنی بەمەرج وە هەر سێ مانگ جارێك ئەم مۆڵەتەی پێ دەدرێت.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەك کە پێك بێت لە ( توێژەری کۆمەڵایەتی و یاسایی و ژمێریاری ) بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پێویست و پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکە بەکۆی دەنگ و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر وە بۆ دیاری کردنی پارەی بارمتەی دیاری کراو بە پێی ماوە و جۆری سزاکە .

٥- دانانی کەفیلێکی کەسی ( شخصی ) پەسەندکراو بێت لە لایەن فەرمانگەی دادنووسی . وە دانانی بارمتەی دارایی کە بریتی دەبێت لە پارەی کاش لە بانك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی چاکسازی لێیەکە لە بڕی ( ٢٥ ) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت وە لە بڕی ( ٥ ) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت . یان گلدانەوەی ( حجز ) خستنە سەر خانویەك کە نرخەکەی کەمتر نەبێت لە بڕی پارەی دیاری کراو . وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژووی بەڕێوەبەر دەبێت .

٦- هەر مۆڵەت دراوێك دواکەوت لە گەڕانەوەی بۆ چاکسازی کە لە ( ٣ ) سێ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ، بۆ بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاکەی ئەگەر دڵنیا بوو لە بوونی هۆی ڕاستەقینە بۆ دواکەوتنەکە . ئەگەریش دڵنیا نەبوو ئەوا ماوەکە دەخاتە سەر ماوەی سزاکە و مۆڵەت دانیشی بۆ ماوەیەك قەدەغە دەکات .

٧- هەر سزادراوێك بەپێ لە یەك تاوان سزادرابوو وە یەکێك لەو سزایانە ڕێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت ، پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەکات مۆڵەتی پێ نەدرێت .

٨- هەر سزادراوێك كە دەست رەنگین بوو وە سودی بە چاكسازی گەیاند ، بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و رەزامەندی بەڕێوەبەر ، مۆڵەت بداتە ئەو دەست رەنگینە بە مەرجێك لەو ماوەیەی كە لەم رێنمایی یە دیاری كراوە پتر نەبێت ، ساڵێ تەنها یەك جار .

٩- هەر سزادراوێك بۆ ( ٣ ) سێ جار هاتنەوەی لە مۆڵەت پێشێل كرد ، مۆڵەتی لێ قەدەغە دەكرێت .

١٠- رێنماییەكانی پێشووی مۆڵەتدانی سزادراوان كاریان پێ ناكرێت .

١١- ئەم رێنمایی یە جێ بە جێ دەكرێت لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**محمد قادر محمد**

**وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**